# سەنتەری رۆژهەلاتی ناوەراست بۆ مافەکانی ژنان، میهرەجانێکی سالانە بەبۆنەی 8ی مارس، رۆژی جیهانیی ژنانەوە لەشاری لەندەن سازدەکات

رۆژی شەممە ریکەوتی 5ی مارس سەنتەری رۆژهەلاتی ناوەراست بۆمافەکانی ژنان، لەژیر دروشمی"لەپیناو ئازادیو یەکسانیدا، ژنانی رۆژهەلات رۆژی جیهانیی ژنان ریزلیدەگرن"، میهرەجانی سالانەی خوی سازدا.
کاتژمیر 2ی پاش نیوەرو بەرنامەی میهرەجانەکە لەلایەن نادیە محمود بەرپرسی سەنتەرو بەهاوکاری سازان سالحو پرشنگ ئەحمەد لەکارگیرانی سەنتەر، بە پیشکەشکردنی ووتەیەك دەستی پیکرد، نادیە بەدوای بەخیر هاتنی ئامادەبووانو پیرۆزبایی کردنی ژنان بەبۆنەی 8ی مارس رۆژی جیهانیی ژنانەوە بەرنامەی میهرەجانەکەی بەئامادەبووان راگەیاند. پاشان فیلیمیك لەبارەی کۆنگرەی یەکەمی سەنتەرەوە کە لەسالی 2000دا سازدرابوو نیشانی ئامادەبوواندرا.
لەبەشی دووەمی میهرەجانەکەدا، سازان سالح دوای بەخیر هاتنی ئامادەبووان کۆمەلیك لەقسەکەرانو وتاربیژانی میهرەجانەکەی بە ئامادەبووان ناساندو سەرەتاش "ئەداوا کافور" بەنوینەرایەتی ریکخراوی سودان لەدژی ئەشکەنجە، ووتەیەکی پیش کەش کردو تیایدا ئاماژەی بە حالەتەکانی ژیر پینانی مافەکانی ژنانی لەم ولاتەو بەتایبەتی لەناوچەی دارفۆری خواروی سودان دا، کەلەلایەن دەسەلاتدارانی سوداني‌یەوە پەیرەوی لیدەکری. وە لەکۆتاییشدا بانگەوازی ئامادەبووانی کرد بۆ پشتیوانیو دەخالەتکردن بەدژی ئەم حالەتانەو هەولدان بۆراگرتنیان..
بەدوای ئەودا "میرفەت رەشماوی" بەنوینەرایەتی ریکخراوی ئەمنستی ئەنتەرناسیونال، بەرپرسی بەشی رۆژهەلاتی ناوەراستو سەروی ئەفریقا، لەبارەی رۆلی دەولەتو لیپرسراویتی لەبارەی مافەکانی ژنانەوە دوا.
میرفەت لەووتەکەیدا رەخنەی لەژمارەیەك لەو دەولەتە ئیسلامی‌یانە گرت کەلەلایەك پەنجە مۆری خۆیان لە رێکەوتننامە نیودەولەتی‌یەکان سەبارەت بەمافەکانی ژنان داوەو کەچی بەهۆی دینی ئیسلامەوە پەیرەوی ئەم ریکەوتننامانە ناکەن، ئەمەش کاریکە کەنابی چاوپۆشی لیبکری.. میرفەت جاریکی‌تر پیداگری لەسەر پێویستی‌پابەندبوونی دەولەتان کرد بە هەمان دروشمەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کەلەبارەی مافەکانی ژنانەوە رایگەیاندووە.
پاشان هۆزان محمود بەنوینەرایەتی ریکخراوی ئازادی ژنانی عیراق ووتەیەکی لەبارەی بارودۆخی ژنانی عیراقەوە پیشکەش بەئامادەبووان کردو تیایدا ئامازەی بەوەزعیەتی ناهەمواری ژنانی عیراق، لەژیرسایەی جەنگو داگیرکاری ئەمریکاو سەرهەلدانی بزوتنەوە ئیسلامی‌یەکان کردو ئاماژەی بەوەدا کەریکخراوی ئازادی ژنانی عیراق خەبات دەکات بۆ چەسپاندنی دەستوریکی عەلمانی لەعیراق وەك یەکیك لە هەنگاوەکانی جیخستنی یەکسانی ژنان لەگەل پیاواندا...
نادیە محمود.. بەریوەبەری سەنتەر لەقسەوباسیکیدا لەبارەی بارودۆخی ژنانی رۆژهەلات کە نیشتەجی‌ی ولاتانی بەریتانیاو ئەوروپان دواو ئاماژەی بە 3 پەلاماری سەرەکی‌کرد کەرووبەرووی ژنانی رۆژ هەلات لەم ولاتانەدا بۆتەوە، ئەوانەش، حیجابی زۆرەملیو جیجابی منالان، تاوانی کوشتنی ناموسی ژنان،

لەباوەشگرتنی بزوتنەوە ئیسلامیەکان لەلایەن دەولەتانی ئەوروپاوە.. نادیە لەکۆتایی قسەکانیدا داوای هاوپشتیو راوەستانەوەی یەکدەستانەی هەموو خەلکی ئازادیخوازی ئەوروپاو بەریتانیای کرد بەدژی ئەم پەلامارانە...

لەگۆشەیەکی تردا میهرەجانەکە هاتەسەر نیشاندانی چەند وینەیەکی سلاید شۆ کەتیایدا کارو چالاکیەکانی سەنتەری رۆژهەلاتی بۆ مافەکانی ژنان بە ئامادەبووان دەناساند. هاوکات رێکرایەوە بۆ ئامادەبووان تا چاوبگێرن بە پیشانگایەکی فۆتۆگرافی کەبارودۆخی ژنانو ئاستەکانی خەباتی ریکخراوەکانی ژنانی لەرۆژهەلاتی ناوەراست لەخۆگرتبوو...

لەبەشیکی تری میهرەجانەکەدا پانیلیك سازدراو تیایدا "رەجا بنسەلامە" ماموستای زانکۆ لە تونس ووتەیەکی پیشکەشکردو لەبارەی وەزعیەتی ژنانی تونسەوە قسەی کرد هەروەها هەموو ئەو ئیدعایانەی بەدرۆدەرخست کە حکومەتی تونس لەبارەی سەلماندنی مافەکانی ژنانی تونسەوە رایگەیاندووە. پاشان رەجا رەخنەی توندی لە دەزگاکانی راگەیاندن گرت کاتیك باس لەیەکسانی رووالەتی ژنو پیاو دەکەنو تەئکیدی کردەوە لەسەر ئەوەی کە نایەکسانی شیوەیەکە لەشیوەکانی توندو تیژی لەدژی ژنانو لەئاخریشدا داوای لە ئامادەبووان کرد کە بەدژی ئەم دیاردەیە راوەستنەوە...

دیانا نامی بەریوەبەری ریکخراوی مافەکانی ژنانی کوردستانو ئیران قسەکەری دووەمی پانیلەکە بوو ئەویش لە قسەوباسیکیدا لەبارەی دیاردەی تاوانەکانی کوشتنی ژنان بەبەهانەی شەرەفەوە دواو چەندین وینەو بەلگەی بۆ قسەکانی نیشانی ئامادەبووان دا. دیانا بەسی لەوەکرد کە کوشتنی ژنان لە ولاتانی تورکیاو ئیرانو عیراق بەبەهانەی شەرەف دیاردەیەکی سامناکەو دەبی هەموو ریکخراوەکانی ژنانو مافی مرۆڤ لەبەرامبەریدا هەستیارانە بجولینەوەو ریگانەدەن هیچ تەبریریك بۆ روودانی ئەم دیاردەیەو هیشتنەوەی بهێنرێتەوە....

پاشان "پیتر تاتشل" لە ریکخراوی "ئۆتریج" ئەکتەرانی بریتانیاوە ووتەیەکی پیشکشەکردو تیایدا ئاماژەی بە رۆلی سەلبی ریکخراوە چەپەکانی بریتانیا کرد سەبارەت بە راوەستانیان لەریزی بزوتنەوە ئیسلامیەکانداو بەمەشیان پەردەی لەسەر ئەو بیدەنگی و چاوپۆشیکردنە هەلدایەوە کە ئیسلامی سیاسی چۆن رۆژانە پەلاماری مافەکانی مرۆڤو ژنان دەدا، هاوکات پیتر رەخنەی لەسیاسەتی پاریزگاری لەندەن گرت کاتیك هەستا بەپیشوازی کردنی "قەرزاوی"و لەباوەشگرتنیو نیشاندانی وەك کەسیك کەپاریزەری مافەکانی مرۆڤە!!!

لە کۆتایی پانیلەکەشدا سەوسەن سەلیم، بەرپرسی ریکخراوی ژنانی پەنابەری کوردستان لەبریتانیا لەبارەی بارودۆخی ژنانی کوردستانو عیراقەوە قسەوباسی کردو ئاماژەی بە چوونەسەری دیاردەی خۆسوتانی ژنانو پیشیلکردنی مافەکانی ژنان دا لە ژیرسایەی دەسەلاتی ئەحزابە کوردیەکان لە کوردستانی عیراقدا.. هاوکات سەوسەن چەندین نمونەی کوشتنی ژنانی لەولاتانی ئەوروپا لەوانە هیشو عەبدللاو دەیانیتری لەبەردەم ئامادەبووانذا ئاشکراکرد کە چون بەهۆی فەرهەنگی پیاوسالاریو ئیسلامیەوە بوونەتە قوربانی...

بەدوای تەواوبوونی قسەکەرانی ئەم پانیلەدا ریگادرا بەئامادەبووان بیرورای خۆیان دەرببرن‌و بەم جۆرەش ژمارەیەك لەژنان‌و پیاوان باری سەرنجی خۆیان لەسەر ووتارەکانی نیو پانیلەکە داو بەدەخالەتکردنیان قسەوباسەکانیان دەولەمەندکرد...

میهرەجانەکە لە دوای کاتژمیر 7ی ئیوارەوە دەرگای بەرنامەیەکی ئاهەنگیران‌و گویگرتن لە مۆسیقای بۆ ئامادەبووان خستە سەرپشت.. لەکەنار ئەم چالاکیانەوە چەندین دیدارو ووتوویژی نیوان ئامادەبووان‌و هەلسووراوانی بزوتنەوەی ژنان کە لەچەندین ولاتی رۆژهەلاتەوە هاتبوون سازدرا... لەکۆتاییشدا میهرەجانەکە بە پیداگری لەسەر دریژەدان بەخەبات لەپیناو بەدەستهینانی مافەکانی ژنان، بەریزلینان لەژنی ناودارو تیکۆشەر "کلارا زتکین"و خەباتەکەی لەپیناو ئازادی ویەکسانیدا، تا نیوەراستی شەو دریژەی کیشاو پاشان کۆتایی بەکارەکانی خۆی هینا...

8ی مارس 2005

**سەنتەری رۆژهەلاتی ناوەراست بۆمافەکانی ژنان**